# دەستی ڕەشی ئیسلامی سیاسی خۆی خزاندۆتە ناو پاڵتۆکیش

حەمە کەریم

پاڵتۆک وەک مینبەرێک وەک سەنتەرێکی خڕکەرەوەی هەموو دەنگەکان ، وەک جێنزرگەیەک کە خەڵکانێکی زۆر بە هەزاران و بگرە بە دەیان هەزار کەس لە جێگای خۆیەوە لە پشتی کۆمپیوتەرەکەیەوە بەدوای مومارەسەکردنی فیکر و عەقڵ و بیرکردنەوەی خۆیەوەیەتی . پاڵتۆک جێژوانی یەکگرتنەوەی هەمو فیکرەکانە ، جێگای یەککلایی کردنەوەی هەموو تەرزەفیکریەکانە ، شوێنێکە دەنگە خنکاوو شاراوەکان تیایدا چرۆدەکەن ، مەنزڵێکە بۆ گوزارشت کردن لەحەزو ئارەزووەکان ، دروستکەری زوربەی زۆری پەیوەندیەکانە ، گەیەنەری دەنگەکانە بە یەکتری ، ئاشناکردنی هەزاران پەیوەندیە بە یەکتری ، ڕێکخەرو ڕیزبەندکەری سەدان و هەزاران دەنگە بەیەکتری گەیەنەری دەیان و سەدان هیواو ئاواتە ، دروستکەری هەزاران پەیوەندی خۆشەویستیە ، سەدان عاشق دەخاتە یەک ئامێز ، هەزاران تاکی دونیا جووت دەکات . مینبەرێکە بۆ گەیاندنی پەیامی مۆدێرنیزەکردنی جیهان ، سەنتەرێکە جیهان دەخاتە ناو ژورێکی بچووک و جیهانت بۆ بچووک دەکاتەوە . خەڵکی کوردستانیش وەکو سەرجەم ئینسانەکان لەم پاڵتۆکەدا دەنگی خۆیان بەیەکتر گەیاندووە و کەم تازۆر ڕۆڵی هوشیارکەرەوەی بینیوە ، وە دیارە لەناو پاڵتۆک دا چەندین ژووری تێدایە هەریەکە لەو ژوورانە گوزارش لە بۆچوون و هیواکانی دانەران دەکات ، بەواتای دانەری هەر ژورێک دەبێت لەو ژورەدا خەونەکانی خۆی تیادا بەرجەستە بکات .

بوونی جۆرەها ژوور لە هەموو بوارەکاندا تەنانەت بوونی کۆڕو کۆمەڵی ئیسلامی لە ناو پالتۆکدا بووەتە مینبەرێک بۆ پروپاگەندە ژەهراویەکانیان کە بەتایبەتی تیرۆریستێکی وەک مەلا کرێکار کە ئێستا زوو زوو لە ژووری ئیسلامیەکاندا چەقۆتیژەکەی دەمەزەرد دەکاتەوە بۆ سەر ملی ئازادی ودیموکراسی و وەک سەرێکی دیاری ناو بزووتنەوەی کۆنەپەرەستانەی ئیسلامی سیاسی لەخۆ سازدانەوەدایە بۆ درێژەدان بەکاروکردەوە قێزەونەکانی کە پێشتر دەرهەق بە مرۆڤایەتی کردووە .

یان لەناو پاڵتۆکدا جۆرەها ژووری تر هەن بۆ گەیاندنی زیاتری فیکری ناسیونالیستی ، و بوونی ژوورێک کە گرنگی خۆی بۆ هەڵماڵینی پەردە لەڕووی کۆنەپەرستیەتی مەزهەب ئەویش چەپی سەربەخۆیەو یان بوونی ژووری ژنان کەبۆخۆی گرنگیەکی تایبەتی هەیەو زەرووڕەتی ئەو ژوورە لەمڕۆی خەباتی ژناندا بۆ دەرچوونیان لەو ستەمەی کەدەرهەقیان دەکرێت زەرورەتی خۆی هەیە ، بەڵام ڕابەرانی ئەو ژوورە بۆ ئیدامە دان بەو ژوورە نەیان توانیوە لەسەر پێی خۆیان بوەستن ، بەوەی هێڵێکی زانستی لەبەڕێوەبردندا پیادەبکەن و خەڵکانێک ڕابەربن کە توانیبێتیان وەکو فیکر لەژێر کاریگەری فیکری کۆنەپەرەستانەی مەزهەب دەرچن و بتونن پەیامی نوێی مۆدێرنیزم و کۆمەڵگای مەدەنی بە خۆیان بدەن ، ئەمە بابەتێکی ترەو لە کاتێکی تردا باسی لێ دەکرێت ، بەڵام بەداخەوە خەڵکانی کۆنەپەرەست و مەزهەبی لەناو پالتۆکدا کەوتوونەتە بانگەواز کردن بۆ خنکاندنی دەنگە ئازادەکان بەوەی هەڕەشەو گوڕەشە دەکەن بە کوشتنی خاوەن دەنگەکان ، بۆیە زۆرێک لەو دەنگانە ژیانیان لەخەتەردابووە بەوەی نەکا دەستی ڕەشی کۆنەپەرەستانی ئیسلامی و ناسیونالیستەکان بیان گاتێ و شەلاڵی خوێنیان بکەن ، تەنانەت تارادەی بڵاوکردنەوەی سایت لەسەر کەسایەتی ئەدمینەکان و بێ ڕێزی کردن پێیان و تەنانەت دەرهەق بەژنان سایتی سیکسی

بڵاوکردنەوە ، بەڵکو تا بتوانن دەنگی ئازادی ژنان و دیموکراسی بخنکێنن ، لەساڵی ڕابوردودا بوونی ژوری کوردستان یونایتد ببوە مینبەرێک کەدەورو کاریگەری لەسەر سیاسەتی حکومەتی هەرێم دادەنا ، بەوەی یاسای زیندانی کردنی 30 ساڵەی دکتۆر کەمال هەڵوەشێنرایەوەو بەردەوامی کەمپین ئامادەکردن بۆ وەستانەوە بەرامبەر بەو ستەم و بێبەرابەریەی دەرهەق بەکۆمەڵگای کوردی دەکرا .

بۆیە ئەرکی خەڵکانی ئازادیخوازو شۆڕشگێڕە کە هەرچی زیاتر پەردەلەسەر ئەو ڕێگرانە و ئەوکەسانەی بەر بەئازادی تاکەکانی کۆمەڵ دەگرن بگیرێت و ڕیسوابکرێن و تاڕادەی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەریان تا بەهاوکاری پۆلیس لەئەوروپادا سزای خۆیان وەرگرن ، بۆیە من لێرەدا دەڵێم بژی دەنگی ئازادی ، بژی ئازادی ئینسانەکان لە بەرجەستەکردنی هیواو ئاواتەکانیاندا ، هیوای بەردەوامی بۆ ئەکەسانەی دەنگ لەبەرابەر بێ عەدالەتیدا هەڵئەبڕن و دەنگو هاوارە تاساوەکان دەگەیەننە هەموو جێگایەک .